# دیاردەو ڕواڵەتەکان، هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر پێویستی فدراسیۆنی کرێکاران و کارمەندان لە کوردستان

ئاسۆ حامدی

هەروا دێ ڕواڵەتەکانی سیستەمی سەرمایەداری زەقتر و بێ پەردەتر و دڵ ڕەقتر و بێ بەزەیی تر و ئیدامەتر دەبێ، ئەم هێرشە یەک بەدوا یەکەکانەی بۆ سەر کرێکاران و هەژارانی دونیا هەروادێ شەق و درزی جیاوازی چینەکان زیاد دەکات و هەژار هەژارتر و دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر دەبێ، سەروەتی دونیا هەمووی لە نێو دەستی کۆمەڵی سەرمایەدار دا چڕ بۆتەوە کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، لە جەمسەرەکەی تر چەندین ملیار مرۆڤ شەڕ لەگەڵ ئاگرو ئاسن دەکەن تەنها بۆ بژێوی ژیانی خۆیان و نەوەکانیان، هەژاران و کرێکاران ناچارن هێزی کار و تەنانەت خودی ژیانیان لە زۆربەی حالەتەکاندا لە پێناو کاردا بنێن تەنها بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی ئینسانی بژین.

دووکاری و چەند پیشەیی و بیکاری و بێ خانەو لانەیی ، سەرگەردانی و شەڕ و کاولکاری و دووبارە بوونەوەی دژایەتیەکانی مەزهەبی و تایفی و ناسیونالیستی لە ناوچەکانی بەرینی دونیادا بۆتە مەسەلەی ڕۆژانە.

لە سەرمایەداری لیبرالیزمی نوێدا دونیا دووبارە پێچەوانە دەبێتەوە، سەرمایەدارەکان وایان کردووە ئیستا کرێکاران پێ ویستیان بە سەرمایەداران هەبێ و تا کاریان دەست بکەوێ و بتوانن بژین . خۆی ئیستاش هەر ئەوان لەسەر زێدەبایی و باجی خوێنی چینی کرێکاردا کۆشک و تەلارەکانیان دەڕازێننەوەو چاودەبڕنە سەر کچۆلە کرێکارەکان و بەلام لەزەت لەوە وەردەگرن لەگەڵ ژنی یەک ڕابوێرن..

بۆ سەرمایە هەرچی شەرەف و کەرامەت و وەفایی و دلسۆزی میسالی هەیە لە دەروونی خۆیدا مانایەکەی لە ڕێژەی قازانج و فایدە دایە . ئامادەن زێدەبایی هەمووشتێ بخۆن جا هەر چی بێ هەر لە زێدەبایی پەرتووکە ئاسمانیەکان و لەشفرۆشی کوڕ و کچە جوانەکانی ئەوروپایی تا هەموو کونج و کەلەبەرەکانی دونیا تا زێدەبایی کرێکارانی کارگەکانی نەوت و جەنگ و تفاقی سەربازی و خودی بەکارهێنانی هیزی سەربازان بۆ سەرکوت و شەڕ بە هۆشیاری و پەروەردەکردنیان بۆ خودی ئیمکاناتی ماددی و گیان فیداکاری بۆ سیستەمی سەرمایەداری، تەنانەت پارەی کۆکردنەوەی ماڵاتە خێریەکانیش هەڵدەلوشن کە مرۆڤدۆستەکان بە هەموو شێوەیەک کاری بۆدەکەن و بازرگانی بە تەبەنی منداڵان و ژنان دەکەن هتد، گرنگ قازانجیان دەستکەوێ، ئەمڕۆ نیە سەرمایە ڕووت وبێ پەردە لەهەموو بەها ئینسانیەکانی خۆی داماڵیوە.

ئەگەر لە هەندێ وولاتانی ئەوروپایی و ئەمریکا و کەنەدا و ئوستراليادا کرێکاران لە مێژووی خەباتی چینایەتیدا تونیویانە دەسکەوتەکان بە پراکتیک بکەنەوەو بەسەر نیزامی سەرماییەی بسەپێنن. ئەوە لیبرالیزمی نوێ ڕۆژبەڕۆژ لە هەوڵی کەم کردنەوەی دایە بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتی دەکات و لە هێرشکردنی بەردەوام دان بۆ شانداخزاندن لەبەردەم کارە کۆمەڵایەتەکان.

هەموو بەرنامەکانی بەناو چاککردنی باری کۆمەڵایەتی و تەنانەت دووبارە ڕێکخراو بوون و دەمج بوونی کارگەو کارخانەکان لە هەموو وولاتاندا یەک مانایان هەیە، ئەویش کەمکردنەوەو لەبەین بردنی زۆر لە دەسکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی دەورەی ڕابردووی خەباتی کرێکارانە لە هەموو وولاتانی دونیادا.

ئەگەرچی هەروا فدراسیۆن و ئیتحادیە کرێکاریەکان بە خۆشیەوە لە وولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری دا جەمیان دێ و ئەندامانیان زۆرە بەلام بەبێ ڕابەری حزبی و خەت و ڕێچکەی سیاسی دروست ناتوانن سەرکەوتنەکان بۆ ئاقاری کۆتایی ببەن. غیابی ئەم هێزە لە دلی وولاتانی پێشکەوتوو کەلێنێکی گەورەیە، بوونی سەفێکی بەرین لە کرێکارانی ئورستوکرات و خێرا بوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گرنگی کات لە ژیانی مرۆڤدا لەم وولاتانە مرۆڤی سەردەمی مەشغول کردووە تەنها بە خۆی و بە کاتەکانی ڕێکخراوەیی خۆی و لە کۆمەڵگایەکی خۆیدا دەیژێنێ.

حزب و خەباتی حزبی کاتی زۆری دەویً، چونکە لە پەروەرەدەو فێرکردندا هەر لە منداڵیەوە تا دواترین قۆناغی خوێندن و تەنانەت ژیان و گوزەران هەمووی هەر کەس مەسولە لە خۆی و ئارەزووەکانی. هەمووی هەر بەخۆی دەزانیً چ دەکا و چی دەویً و بۆ کویً دەچیً، ئازادە لە هەڵسوکەوتە تاکەکانی خۆی ئەمە کارێکی باشە لە واقع دا بەڵام ئەم پەروەردەیە زیاتر بەبەرنامە لێپرسراویەتی و ئارەزووەکانی تاک بەسەر کۆمەڵدا دەچەسپێنیً، گرفتەکە لێرەدایە، ئەمەش خۆی ئامانجی لیبرالیزمی نویً یە، نەوەکانی نویً هەموویان هەر بەخۆیان دەزانن چ باشە و خۆشە و ئارەزووی کامە کاریان هەیە ( ئەگەرچی لە کۆتایی دا ئەم ئارەزووانە دەبنە ئەمری واقع و دەپوکێنەوە). ڕەنگە بۆ هەندیً هەر خەیاڵ بیً و بۆ هەندیً ئاسان بیً، ئەمەش هەزاران هۆ و بەرەنجامی هەیە.

نەوەکانی نویً لە وولاتانی پێشکەوتوو لە گشتدا زۆربەیان کەمتر دەرس لە مێژوو فێردەبن و زیاتر سەیری داهاتوو دەکەن تا ڕابردوو، هەروەکو گوتمان ئۆتۆماتیزیۆن و ئینفۆرماتیکا وا کۆمەڵگایان بەرەو خێرایی بردووە ئیتر لە واقعدا زۆر زەحمەتە نەوەی تازە ئەوەندە سەیری لاپەڕەکانی رابردوو و بۆمبابارانەکانی هیرۆشیما و قەتل و عامی سەلیبی و ئیسلامی بکات یان کارەساتە ژینگەییەکان هەمووی حاڵی بیً تەنها ئەگەر لە فلیمی سینەما دا سەیریان بکات کە ئەمەش لە میدیای ئەمڕۆ تێکەڵاو بە پەیوەندی خانمێک و پیاوێکی جوانی دەکەن یان ئەگەر وەک تایبەتمەندیەک بیخوێنیً. پێویست ئەمڕۆ لە وولاتانی پێشکەوتوو مانایەکی تری هەیە. ریفاهو خۆشگوزەرانی ئینسان کە کەمالیاتن لە وولاتانی تردا لەم وولاتانەدا بۆتە پیویست. دوای پێویستەیەکان بۆ خۆشگوزەرانی ئەمڕۆی نەوەکان چەند شتێکن کە خۆشی لێوەردەگرن ئەوانیش بۆ سەرمایە باشترین قازانج و دەسکەوتە، شتە پیویستەکان بریتین لە ( سەفەر، سێکس، موزیک و وەرزش ).

سەرمایە زێدەبایی قاچی وەزشەوانان و ئاخ و ناڵەی لەشفرۆشان و سەدای دەنگی گۆرانی بێژان بە ڕۆژی ڕووناک دەدزیً و لە بانکەکاندا کەڵەکەی دەکات. هەر جاریً لەسەر ناوی کەسیً و ژمارەیەکی بانکی دا. کەسەکان دەگۆڕێن بەلام سیستەم هەر سیستەمە.

سەرمایە هەروا زیاتر بە هۆی ڕابەرانی زیاتر گەندەڵی و ڕشوە و فەساد لە دونیا گەشە پێدەدا( گەندەڵیەکانی یو ئێن ، فەرمانبەرانی تا دەگاتە گەندەڵی لە ئەفریقا و عێراق و ئەفغانستان..جا کویً نا) و ئەمەش بۆتە ئەزەلی هەروەکو سەرکوت و خەفەقان و سادیستی ڕابەرانیان جگە لە مارگریت تاتشەر نەبیً هەر ماسۆشی مایەوەو هەرواش دەمریً لە گەڵ ئەوەش نازناوی حەدیدی هەبوو بەڵام لە ژیانی سیاسیدا سادیست و دڵڕەق و بیً بەزەیی بوو.

لە شێوەی پێڵاوی بەڕیوەبەری مۆزەخانەیەکی وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات سەیری نیزامەکەی دەکرد ، خۆی دەڵیً کاتیً پێڵاوی بەڕێوەبەرەکەی مۆزەخانەیەکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتم دیت ئینجا زانیم ئەم سیستەمە چەند هیلاکە.

نیزامی ئابووری ڕیگن و تاتشەر دوایش بولکستاین و چەندین لیبرالیستی نوێی ئەوروپایی هەروا دیً پشدێنی برسیەتی بە چینی کرێکار توندتر دەکەن.

خەباتی فدراسیۆنە کرێکاریەکان لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەسکەندناڤیا تەنها بەرگری کردنە لە دەسکەوتەکان، ئەمەش تاڕڕادەیەک ڕێگرێکی باشە بۆ هێرشەکانی لیبرالیزمی نویً لە ئەوروپادا.

خەڵکی کوردستان تازە بەبەرینی و نارێک و پێکی هەست بە هێرشەکانی سەرمایەو ڕواڵەتەکانی دەکەن و دەسەڵات یش لە بەرەکەی تردا هەروا خەریکی خۆ قەڵەو کردنە و هێواش هێواش پاسەوانەکانی خۆیان بیً کاردەکەن .

خەڵکی بۆ بژێوی ژیانی کاری تاقەت پروکێن و مجازەفە بە ژیانیان دەکەن. نەبوونی یاسایەکی کار و ئەمنیەتی کار و ژیانی کرێکاران، یانی دەست والای سەرمایە دژی کار جا هەر (خوا) خۆی دەزانیً چۆنی بکوشی و تا زۆرترین زێدەبایی لیً دەست بکەویً، ڕۆژانی داهاتوو کارەساتی ئەم دەست والاییە بەداخەوە دەبینین و دەبیستین.

خەڵکی هەژار و کارمەند و کرێکارانی کوردستان دەبیً هۆشیارتر مامەڵە لە گەڵ فرۆشتنی هیزی کاریان بکەن، ئەگینا ڕۆژانیً دادیً چارەنووسی هەموو کۆمەڵگا دەکەوێتە ترسناکەوە. هەر بۆیەش بوونی فدراسیۆنێکی کرێکاران و کارمەندان بە گشت ڕشتەکانیانەوە ئەهمەیەتی جدیان هەیە بۆ بەرگری کردن لەم چەند ملیۆنە هیز فرۆشە و نەوەکانیان.

که هەندێکیان ئێستاش نازانن چۆن هیزی کاریان فرۆشتووە بە قست هێزەکانیان فرۆشتووە ( کۆیلەی کرێگرتە) یان بە یەکجاری (کۆیلە)، نەبوونی یاساکانی کاری مناسب بانگەشەی ئەوە دەکەن لە زۆر ڕشتەدا بە یەک جار هیزەکانیان فرۆشتووە، ئا لێرەدا جیاوازی کۆیلە و کۆیلەی کرێگرتە بە دیاردەکەوێ. جا کەسەکان هەر کارێکی فیزیکی یان فکریان هەبێ ئەوە هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێ.
ڕەنگە لە کارگەو دامو دەزگاکانی دەوڵەت زۆربەیان بە قست هێزەکانی کاریان فرۆشتووە، لە دامو دەزگاکانی سەربازی و ئاسایش و پۆلیس هەروا بەڵام لە کارگە خسوسی و ئەهلیەکان کە سەرمایەی خسوسی بەڕێوەی دەبات ئەوا بەداخەوە هەر پەیوەندی کار و سەرمایە پەیوەندی نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلەیە. کرێکارانی کوردستان دەبێ لەم هەنگاوەیاندا دەوڵەت بۆ لایەنی خۆیان کێش بکەن و ئامرازی پراکتیکی وزانستی بگرنە دەست بۆ ڕێگرتن بەم خوێن مژیە.
کارەساتەکانی کار لە کوردستان قوربانی بەردەوامی هەیە. هەر لە رووخانی دەیان جار دیوار و کۆنکریت بە سەر کرێکاران تا کوژرانی شوفێر و ڕۆژنامە نووسان و پێشمەرگە لە موسل و کەرکوک و بەغدا دا، دەبێ ئەمنیەتی کار لە یاسای کاردا بە تەواوی دیاری بکرێت. ئەگینا زیانەکان بەردەوام دەبێت و نەوەکانی کرێکارانی قوربانی قوربانیەکان تووشی سەرگەردانی دەبن. ئەوکات کۆمەڵگاش گرفتی زۆرتری دەبێ.

پاراستنی هیزی کار لە وولاتدا بەشێکە لە پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی و ئیدامەی کۆمەڵگای بەرهەمهێن. ئەمەش وەزیفەی هەموومانە. تەنانەت لەم نێوەدا خودی سەرمایەدارانیش قازانج دەکەن و بەهرەمەندن. بەڵام ئێمە لە خزمەتی چینی هێزفرۆش (کارمەندان و کرێکاران) لە گشت ڕشتەکاندا بانگەوازیان دەکەین بۆ بەرگرتن بەم کارەساتانە. ئەمەش تەنها لە ڕێگا ڕێکخراو بوونیان بەئەنجام دەگات ، بوونی فدراسیۆنێکی سەراسەری کرێکاران و کارمەندان بە هەموو ڕشتەکانی کاردا پێویستەتی مێژوویە بۆ ڕیکخراوبوون و چەسپاندنی یاساکانی کار هەر یەک بە گوێرەی ڕشتەی کارەکانیان.

ئابی 2007